سەماحەتی حەکیم چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوەدیارەکانی زەعفەرانیە کەوت

لەرۆژی چوارشەممە بەرواری 31-5-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە میوانخانەی شێخ عەلا زوبێدی چاوی بە کۆمەڵێك گەورە و شێخ و پیاوە دیارەکانی زەعفەرانیە کەوت.

لەم دیدارەدا سەماحەتی حەکیم لەم چاوپێکەوتنە باسی مێژووی پەیوەندی بە هۆزە عێراقییەکان و ڕۆڵیان لە هەڵگرتنی ئاڵای ئیسلام و وەفاداری بۆ ئەهلی بەیت کرد و بە کارێکی گرنگی نێو کۆمەڵگەی وەسفکرد، هەروەها دووپاتی کردەوە کە تاقیکردنەوەی عێراق سەلماندی کە دەکرێت دادپەروەری لە ڕێگەی حوکمێکی دیموکراتی بێتە دی، بەمەش هەموو ئەو بۆچوونانەی لەناوبرد کە پێیان وابوو عێراق تەنها بە حوکمی دیکتاتۆری و حوکمی تاکە کەسی سەرکەوتوو دەبێت.

بەڕێزیان ئاماژەی بە دۆخی سەقامگیری ئێستا کرد و گوتی ئەوە پێشتر ڕووی نەداوە بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئەمنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی داواشی کرد هەڵوەستن□ ل□س□ر ئ□و دیدگ□ ئ□ر□نی و باش□ و□□اتانی دەوروبەر و جیهان سەبارەت بەعێراق بکەن.

سەماحەتی جەختی کردەوە کە دەبێت ئەو قۆناغە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی دۆخەکە بەرەو سەقامگیری هەمیشەیی و بەرەو گەشەسەندن ب□ب□ین و واز لە زماین ڕەشبینی و بێ ئومێدی بهێنین، دووپاتیشی کردەوە کە ناوناوبانگی عێراق بەرپەرسیارێتی هەموو لایەکان دەبێت.